# پیاوێك لە شووشە

بەرزان هەستیار
شوباتی 2004
ئەڵمانیا/کۆڵن

bhastiar@yahoo.de

پاشماوەی پیاوێك لە عیشقی ئەرخەوانیی
پیاوێك گەرەکیە یادەوەریی عاشق بوونی خۆی و
شەکەت بوونی خۆی و
عیشوەو نازی ئەو کیژۆڵانە بنوسێتەوە
کە نەیانهێشت لە هەنگوینی عیشق تێر بێ
پیاوێك ئەدوێ، هەندێ جار لە بێ دەنگییدا
نێوان دێڕەکانی خۆشەویستیی لەبەر ئەخوێنێتەوە
جارانێکیش  هەموو گیانی ئەبێ بە قسە
کەچی کەسیش نوتقێکی لێ نابیستێت و
ئەویش بێ وەستان ئەو شتانە ئەدرکێنێ....
یەکەمجارە عیشق خۆیشی بیانبیستێ
پیاوێك زۆر بە  پەلە ئەدوێ
ئەیەوێ هەر ئەمشەو
هەموو کتێبەکانی عیشق موتاڵا کا
نەبا چیتر لەبەر ڕووناکیی چراوگی ماچێکا
نەتوانێ بە کامی دڵ
گەنجیی خۆی بنووسێتەوە
ئەم  پیاوە پێ دەچێ گێل بێت و
لەوەش ئەچێ هەر لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە خووڵقابێ
عیشق وەك خۆرکە لێی بات و دای ڕزێنێ
کەچی شتێك هەیە هەر بە گوێکانیا ئەچرپێنێ
ئەم شارێیانە ئەچنەوە سەرماڵی شکۆفە قشتیلەکان

شتێ بەیانیان پێی ئەڵێ
با لە خاڵخاڵۆکە بپرسین....
ماڵی دوورترین عاشق لەکوێیە
تا بەر پەنجەرەکەی ڕۆشن کەین
بە گوڵ هەسارەی ڕامووسان
بەر قاپییەکەی ڕەنگین کەین
بە شەتڵی ئەوین
با گوڵە مێخەکێ لە خۆمان بەین و
ئەوجا خل بینەوە بۆ نێرگزەجاڕەکانی ژوان
ئاخر ناکرێ لە بیری کەیت
هەمیشە کە ئەچیتە ژوانێکی تازە
ئەبێ ناسك وەك پەشمەك و
چەشنی ڕەشەڕێحانە....
حەوشەیەك لەدیلانێی" بۆن "ا بنوێنیت
ناکرێ نەزانیت لە هەر ژوانێکی تازەدا
دڵێکی تازەو خوێنێکی گەشترت ئەوێ
تا بەرگەی کەللە ڕەقیی عیشق بگریت
تۆ پیاوێکی شووشەییت
بێ سوودە یاقووتی دڵ لە نێو دەستا بشاریەوە
بڕژێ، ئەمە ساتێکە بۆ پانۆرامای
میراتیی تەمەنێك لەدرەوشانەوە
لە کانییە پڕ زمزمەکانی ئولفەت گرتن....
بە خەونە شەرمنەکانی عیشقەوە
تۆ کلیلەکانت لێ کەوتووەتە چەمی خوڕی شیعرێکەوە
بزێو وەك ئەو کیژە عەیارەی بۆ یەکەم جار خۆشی ویستی
هەموو چوالە ناسکەکانی خەیاڵی پێ بەردایتەووە
کەچی قریوەیەکی کردو بۆی دەرچوو
دەستەمۆترین شەو ئەمێستا لە ژوورەکەتا
بە پۆپەشمینێك لە ڕەنگی ماچ خۆی دا پۆشیوە
بەر لەوەی خەنجەرەکانی سەحەرێ لە پشتەوە تیرۆری کەن
ڕوون بدوێ وەك چاوی قرژاڵ
دەنا ڕووت..ڕووت ئەکەویتە
سەر سەهۆڵبەندانی وەحشەتێکی ترو
ئەوجا پاسارییەکانی شیعریش بە دووباڵی شەختەوە

ناتوانن بستێ بەرز ببنەوە
پیاوێکیش لە کەسیرە بوون
تەنها پەنگوینەکان باڵەکانی خۆیانی پێ ئەبەخشن
خەزانیش کراسە دڕاوەکەی خۆی،بۆ گەرم بوونەوە
ڕوون بدوێ پیاوە شووشەییەکە ،ڕوون
تۆ هەمیشە وەك خانەخوێ
لەسەر قاڵییە گوڵ گوڵییەکانی عیشق
گەمەی مزرت لەگەڵ ساتەکاندا کردووە
تۆ وا لە چارەت نووسراوە
ئێوارەیەکی نارنجی...
لە ئەستێلکێکی پڕ قسەی خۆشی عیشقا خۆت ئەشۆیت و
بۆ دواجار ئەبیتە پەپوولەیەك
لە ژێر باڵە تەنکەکانتەوە
پەلکە زێڕینە ڕەهێڵە ئەکا
بە پەڕەی گوڵی هەورێکەوە ئەنیشیەوە
ئەیکەیت بە دەفتەری بیرەوەریی
ڕۆژەکانی تەوقە کردن لەگەڵ عیشقا
تۆ وا لە چارەت نووسراوە
لە کۆشی هەورێکا ئەمری
لە سەرپۆشی کلوی بەفرت ئەپێچن و
کرێوە لای خۆت ئەتنێژێ ؛
کچە عاشقێکی قەرەج لەمێژە ئەمەی پێ وتووم....!